# هـةڵـؤكـان لـيرةش ئـةذيـان

لةبيرةوةرييةكانى
ثيشمةرطةى ثارتيزان:
فةخرةدين سمايل بةطى

**ئامادەكردن و دارشتنەوەى**
**رابەڕ عارف**

هەلۆ ئـەو بالّنـدە بـەرزە فـرە، چاوتيژ و راوچـييەيە كەهەميـشە بەلوتكەوەيـە و لـەويش دادەژى و هيلانـە دەكـات، هـەركاتيكيش بـۆ را و و گەشـت دابەزيتـە پيدەشـتەكان ئـەوە تيلـە چـاويكى هـەر بەلوتكـە و چـيا و زەنـد و ناوبـەرد و كـاوى شـاخ دەكـشێ و دوور لەچاوى رەقيـب و بـێ ترس، لەو بەرزاييـەوە فەرمانڕەوايى قەلّەمڕەوى خۆى دەكات.

ئەمانە و كۆمەلّيك خو و خەسلّەتى تـرە واى لـە مرۆڤـى كـورد كـردووە كـە هەميـشە پيـشمەرگە ئـازا و بەجەرگـەكانى ريگـاى رزگـارى ولاّتەكـەى بەهـەلۆ بـچوينن، ئەمـە لەئەدەبياتى كورديشدا رەنگى داوەتەوە بۆيە شاعيريكمان دەلّيت:

لاى هةلّؤى بةرزة فرى، بةرزة مذى
ضؤن بذى شةرتة، نةوةك ضةند بذى

بۆيـە واباوە كـە هـەلۆ هـەر لەناوچـە شاخاويەكان دەژيت.

پيشمەرگە ئـەو مرۆڤـە پـاك و بيگـەرد و گيـان لەسـەر دەسـتەيە كـەخوينى خـۆى دەكاتـە قوربـانى گەلەكـەى و لـەمردن سـلّ ناكاتـەوە، شـۆرش و پيـشمەرگايەتيش لەسـەرەتاوە لەناوچـە سـەخت و شـاخاويەكانەوە سـەرهەلّدەدا و قۆنـاغ بـەقۆناغ لەگـەلّ بـەهيز بـوونى خـۆى و

لاوازبـوونی دوژمنەکەیـدا لەسـەنگەرەکانی دوژمـن نزیـك بۆتـەوەو لـەپێ دەشـتەوە بـۆ ناوشـارەکان، تـەنگی پـێ هەڵـچنیوە و دوای دەست وەشاندن کشاوەتەوە بۆناوچە سـەخت و قایمەکان.

لەگـــەڵ ئەوهـــەموو لێـــك چـــوون و راستیانەی سەرەوەشدا پێشمەرگە پارتیزانـە خـوێن گـەرم و گیـان لەسـەر دەسـتەکانی یـەکێتی نیـشتمانیی کوردسـتان لـەرۆژگارە دژوار و مەحاڵـەکانی دوای ئـەنفال وێـران و چۆڵ بوونی کوردستانیشدا توانیان لەپـەنای دوژمـــن و لەپێدەشـــتەکانی کـــەرکوك و گـــەرمیان و هـــەولێر بمێننـــەوە و درێـــژە بەخـــەباتی گەلەکـــەیان بـــدەن، ئەمـــەش سەلماندنی ئەو راستیەیە کەپێشمەرگە هەڵۆ ئاسـاکانی کوردسـتان نـەك هـەر لەچـیا سەرکەشـەکان بـەڵکو لەپێدەشـت و شـارو شـوێنە دورە دەسـتەکانیش دەتـوانن بـژین و خەبات لەپێناو ئامانجە رەواکانیان بکەن.

رژێمـی داگیرکـەری بەعـسی لەناوچـوو بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی، جگە لەچارەسـەری راسـتەقینەی کێـشەی کـورد گشت رێگاکانی تری لـەناوبردن و قڕکـردن و جینۆسایدی گرتە بەر، تاکو خۆی لە شۆڕش و بزوتنـەوەی کـوردی ڕزگـار بکـات. تـا کـار گەیـشتە ئـەوەی لەبـەهاری ١٩٨٨دا و دوای وەسـتانی شـەڕی لەگـەڵ ئێرانـدا بەهـەموو هێزێك و بەگشت جۆرە چەکێك کەوتە وێزە خـەڵکی کوردسـتان و بەبەرچـا و و گـوێی هـەموو جیهانـەوە چـەکی قەدەغـەکراوی کیمیایی بـەکارهێنا و هـەزاران کـەس بوونـە قوربـانی و بەهـەزارانیش تـاکو ئێـستا بەئازاری ئەو گازەوە دەتلێنەوە.

وێـران کردنـی کوردسـتان و دابڕینـی خـەڵك و پێـشمەرگە لەیـەکتری یـەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی ئەوسای بـەعس بـوو کـەپێی وابـوو بـەم جـۆرە بزوتنەوەکـە پـەك دەخـات و پاشەکـشە بەشۆڕشـی چـەکداری خـەڵکی کوردسـتان دەکات. لەگەڵ شـوێنەواری دیـار و گورچـك بڕی ئەو پرۆسەیەشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەسوود وەرگرتن لە رابـردوو، لەرویـدا وەستا و شکستی بەشکست هێنا.

هاوکـــات لەگـــەڵ کـــاری سیاســـی و دیبلۆماســـیانەدا و گرنگیـــدان بـــە رێکخـستنەکانی ناوشـار، بـۆ زۆربـەی ئـەو سـنورانەی کەپێـشمەرگەی لێ نـەمابوو دەستەی پارتیزانەکانی بۆ نێردراوە.

هەرچـەندە رژێمـی ئەوسـا حیـسابی تایبـەتی بۆکـەرکوك و دەوروبـەری دەکـرد و

هێــزو توانایــەکی زۆر و زەوەنــدی لــێ مۆڵدابوو، بەڵام دەستەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی کەرکوك توانیان لـە (٢٥)کیلۆمـەتری کەرکوك خۆیان قایم بکەن و لەنزیکەوە کار و چالاکی ناوشار بخەنـە ژێـر چاودێریەوە کەئەمـە بـۆ ئـەو سـەردەمە مانا و گرنگی خۆی هـەبوو، بۆیـە پێویسـتە مێـژوو رۆڵ و توانای ئـەم دەسـتە قارەمانـە لەبیرنـەکات و بیرەوەرییەکانیان بنوسرێتەوە و هـەڵبگیرێن، کەبەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لـە (٨)هەشـت پێــشمەرگەی قارەمــانی پــارتیزان تــەنها (٣)ســێیان مــاون و ئــەوانی تــر لەقۆناغــە جیاجیاکانـدا شـەهید بـوون و چوونە رێـزی کاروانی نەمرانەوە.

## بـریــاری طەڕانــەوة

چــۆڵنەکردن و مانــەوەی پێــشمەرگە لەناوچـە جیاجیاکانی کوردستان نـەك هـەر سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بـەڵکو خولیــاو ئــاواتی زۆر لەپێــشمەرگە کۆڵنــەدەرەکانی ئەوسـابوو، جابۆیــە پــاش ئــەوەی بەشــێك لــەکادر و پێــشمەرگە قارەمانــەکانی کــەرکوك، دوای ئــەوەی تــا کۆتــایی ســاڵی ١٩٨٨ لـەو دەڤـەرە مانـەوە و دووجـاریش توشـی شـەڕبوون و چـەندین قارەمانیــان شــەهید بــوو، بــەبڕیاری سەرکردایەتی گەڕانەوە سنورەکان، کۆمەڵێك کوڕی ئازا و مەرگ بەزێن، دوای ڕاوێـژکردن، بڕیاری گەڕانەوەیان دا، بۆ ئـەو مەبەسـتەش پەیوەنــدیان بەمەکتــەبی سیاســی کــرد و داواکەیان قبوڵ کرا، ئەم قارەمانانە بوون:

١- رەمـەزان ئەحمـەد حەمـەعلی/ ئاکۆسـوور- شەوگێڕ، شـوان، کـەرکوك، لـە٢٥\٢٦ /١٩٩٥/١٢ شەهید بوو.

٢- ئاوات رشید محمد/ ئاواتـە رەش- گـەڕەکی تەپە، کەرکوك، ٩/ ١٩٩٦ شەهید بوو.

٣- ئیـبراهیم فازیـل حەمــەرەحیم/ ئیبــاو- قازانقایە، کەرکوك، ٤/ ١٩٩١ شەهیدبوو

٤- کاکەمەنـد محەمـەد سـالح/ خاڵـە بەخـە- مەرزیخە، شوان، کەرکوك، ٩ / ١٩٩٦ شەهید بوو

٥- ئـەیوب عومـەر عەبـدوڵا/ وریـا قـەفاری- قەفار، شوان، کەرکوك، شەهید بووە

٦- فـــەخرەدین مـــەحمود محەمـــەد/ فـەخرەدینی سمایـل بـەگ- سمایـل بـەگی، شوان، لەژیاندا ماوە

٧- نـەقیب ناسـیح ئەحمـەد/ نـەقیب ناسـیح- بیبانی، کەرکوك، لەژیاندا ماوە

٨- رەمـەزان حەمەسـالح/ پـۆلا هەیبـەیی- هەیبە، قەرەهەنجیر/کەرکوك، لەژیاندا ماوە

ئەم هەڤاڵانـە پـێش ئەنفالـە بـەدناوەکان لە تیپی٢١ی کـەرکوك و ٢٥ی خاڵخاڵان بـوون و لەگــەڵ هێزەکــان کــشانەوە ســنورەکان. بەمەبەستی کار ئاسانی و بڕیار وەرگرتن، شــەهید ئــاکــۆ ســوریان کــردە نوێنــەری خۆیان تـا لەگـەڵ سـەرکردایەتی قـسەبکات. دوای یـەکتر بیـنین و راگۆڕینـەوە دەسـتەکە بەگـــشتی لەلایـــەن هـــەڤاڵ نەوشـــیروان مستەفاوە بینران و لە ئەهەمیەتی کارەکە و قورسی ئەرکەکە کۆڵدرایەوە و دوای سوپاس و پـشتگیری داواکـە قبـوڵ کـراو لەماوەیـەکی کەمدا پێویستی ئەو سەفەرە ئامادە کراو لـە ١٩٩٠/٥/١٢، خــولێکی هەڵگرتنــەوەی مــین و پوچـەڵکردنەوەی لەلایـەن هــەڤاڵ (خــدر مەحمود جاف)ەوە و خولێکی تـریش لەسـەر چــۆنیەتی فریاکــەوتنی بــەرایی لەلایــەن هەڤاڵ دکتۆر شوانەوە بۆ دەسـتەکە کرایـەوە و سودی باشی لێ وەرگیرا.

لــە ١٩٩٠/٦/١٤ دەســـتەکە لەســنوری سەردەشـــتەوە چـــوونە ئـــاوایی (بێتـــوش) کەگوندێکی سـنورە و لەوێـشەوە دەسـتەیەك بــۆ تاقیکردنــەوەی رێگاکــە نێــردران، ئــەو هەڤاڵانە لەگەڵ سوپای ئێراندا توشی کێشە دێن و شەهید ئاکۆ بەسوکی بریندار دەبێ. دوای چارەســەر و رێگاخۆشــکردن لــە ١٩٩٠/٦/٢٢ دەستەکە بـەرێنوینی و شارەزایی پێــشمەرگەی مانــدوو نــەناس و ورێنــاس (بــەکر ئیــسێوی) بــەرێ دەکــەون و بــەنێو کەمینی هەردوو وڵات و کێڵگەی میندا ئـەو رێگــای هــات ونەهاتــە دەگرنــە بــەر، لەبەرێکەوتنــدا چــەند پێــشمەرگەیەك لەپارتیزانــەکانی رەتڵــی ســورداش دەبنــە هــاورێ و رێنوێنیــان کەهــەڤاڵان بێــستون سـابوراوایی و بێـستون تـەلانی و حەیـدەری حــاجی تــانی دەبــن، هەریــەکێك لــەم پێــشمەرگانە جگــە لــەبێ ســیمەکە کــە بەشــەهید ئــاکۆ دەبیــێ کۆڵەپــشتێکی(٣٣) کیلۆیی و چەك و تاقمی خۆی پێ دەبێت کە کۆڵەپــشتەکە خــواردن و پێویــستی ئــەو رێگایەی تیا دەبێ.

ئەم کاروانە بە وڵاتێکی سوتماك و چۆڵ و کــاول داو لــەنێوانی کــەلێنی مۆڵگــاو رەبایــەکانی داگیرکــەرەوە دەســت لەســەر تفەنگ و ئامادە بۆهـەر پـێش هاتێك رووەو قــــولایی کوردســــتان بــــەرێوە بــــوون. ساتەوەختێکی خەمناك بوو بێ ئومێدییـەك بـاڵی بەسـەر کوردایەتیـدا کێـشابوو، رژێـم بەهەموو رێگایـەك بـۆ تێکشکاندنی مرۆڤی کـورد لـەکاردا بـوو، لـەم لاشـەوە بەشـێك لەپێــشمەرگەکانی ســنور بــەهۆی گوشــاری

ئێـران و نـەبوونی و بـێ هیوایـەوە سـەریان هەڵدەگرت و خۆیان دەدایە دەست قەدەرەوە و تەسلیم دەبونەوە، هەش بوو تواناى مادی باش بوو رێگاى هەندەرانی دەگرتـە بـەر، ئـا لـەم کاتەشـــدا کوردایـەتی ئـەم کوراِنــەش هـەبوو کەبـەدڵێکی گـەرم و پـڕ ئومێـدەوە بـەو رێگـا هـات و نەهاتـەدا بـەرەو باوەشـی نیـشتمان و مـەرگ هـەنگاویان دەنـا. ئـەو رۆژگـــارە کـــورد بـــوون و مانـــەوەو پێـشمەرگایەتی شـت بـوو نەخاسـمە ئـەو بریارە چارەنوسسازەى پارتیزانەکان.

لـەو رێگـا دوورو نادیـارەدا شـوێنەواری تاوان بەهەموو شتەکانەوە دیاربوو، ولاتێـکی سـامناك و رێگایـەکی بـێ کۆتـایی بـەلاَم ئومێدێکی گـەش لـەو تاریکیـەدا لـە هـەناوی ئەماندا دەبریسکایەوە، لـەرۆژی (١٩٩٠/٦/٢٦) رژێـم بەهـەموو هێزێکییـەوە کـەوتبووە کێوماڵی ناوچەکەو بـن بـەردو دەوەن نـەبوو سـەربازێکی پێوەنـەبێ، هـەر بەرێکـەوت تـوش نـەبوون، لـەرۆژی (١٩٩٠/٦/٢٧) ئـەم دەســـتەیە گەیـــشتنە لای شـــوێنی پارتیزانـــەکانی ســـورداش لەشـــاخی پیرەمەگروون.

پارتیزانــەکانی ســورداش دەســتەیەك پێشمەرگەى ئازاو بوێرى ئەوناوچەیە بوون کە بەفەرماندەى شەهید (غەریب هەڵەدنی) لەسنورەکەدا بـوون و درێـژەیان بەخـەبات دەدا، ئـــەوان دەســـتەیەك بـــوون بـــەلاَم تروسکەى هیواى میللەتێك و رەمزى نـەمرو مانـەوە بـوون، ئەوسا پیرەمـەگرون چاوگی شۆڕشی بەرەنگاری بوو.

ئەمان لەوێ و لاى هاورێکانیان پـشوویان داو ئارەقی ماندوێتییان سڕی و حەسانەوەو خۆیان مشت و ماڵ کردەوە و لەدەورو بەرو واقیعی ئەو کاتە باشتر گەیشتن بەهاوکاری و کارئاسانی هەڤاڵـەکانیان کەئـەزمونێکی باشـیان هـەبوو، بـاش جێگـاى خۆیـان لەسنورەکە کردبـووەوە پەیوەنـدى باشیان بەخـەڵك و رێکخـستنەکانی نـاو شـارەوە دروست کردبوو، بۆهیچ دانـەدەمان، کەوتنـە خۆئامادەکردن.

## ثیرەمەطرون و سەرةتايةكى تر

ئامـانجی ئـەم دەستەیە لـەوە زیـاتر بـوو بۆیە دەبوو بجولێن و لـە کارەشـیاندا تـەنیا نەبوون، بەڵکو سەرکردایەتی ئەوسا هـەنگاو بەهەنگاو رێنوێینی دەکردن و کار ئاسانیان بـۆ دەکـرا بۆیـە پـێش ئـەوەى جـارێکی تـر بکەونەوە رێگا، شەهیدان غەریب هەڵەدنی

و ئـاكۆ سـور دابەزینـە نـاو پیرەمـەگرون و پێداویـــستیان ئامـــادەكرد و لـــەرێگای رێكخـــستنەكانی ناوشاریـــشەوە كـــورێكی كـــەركوكی دڵـــسۆزو شـــارەزاو نـــەترس بەدەسـتەكە ناسـینرا تـا لـەرێگای ئـەوەوە لەســـنوری كـــەركوك پەیوەندییـــەكانیان بەردەوام بێ و بەخەڵك و شارەوەو خۆشیان كوری ناوچەكە بوون، كون و قوژبنی شارەزا بوون، ئەویش هـەڤاڵ(چەتۆ سـاڵح سـەعید) بـوو، بـرای شـەهیدی خۆشەویـستی خـەڵك "د.هـــادی" بـــوو كـــە دكتـــۆرو كـــادیرو پێـشمەرگەیەكی لێ هـاتوو بـوو، لـەكیمیا بارانی (شاناخسێ) شەهید بوو. ئەمان كوڕی پیـاوی هەمیـشە پێـشمەرگە (سـاڵح سـعید) بـوون و لەبنەماڵەیـەكی دیـاری كـەركوك بـوون، كـە بەداخـەوە وەكـو ئـەوەی ئـەمان شۆڕشیان بەرپاكردبێ باوكیان و حەوت بـرا هەریەكـە بـەجۆرێك شـەهیدكران و بوونـە قوربانی رێگای رزگاری گەلەكەیان كەتـەنها هـەڤاڵ چـەتۆو برایـەكی تریـان بەرێكـەوت ماون.

دوای راوێژ و دیاری كردنی كات و شوێن لەگـەڵ ئـەو هەڤاڵـەداو دڵنیـا بـوون لـەباری ســـــەفەریان لەشـــــەوی (٥\٤/ ٧/١٩٩٠) لەپیرەمەگرونـەوە بـەهاوكاری و رێنـوێنی شـەهید غـەریب و هاورێكـانی بەرێكـەوتن بۆسـنوری كـەركوك. لەناوچـەی سورداشـەوە بەرەو دیوی ئاغجەلـەرو قەڵاسـێوكەو پاشان شوان و هەردی ماسقەلان، بـەهۆی نالـەباری ناوچـەكەو گوشـاری رژێمـەوە هـەڤاڵ چـەتۆ یەكجار دەتوانی بگاتە لایان ئیتر دادەبرێن و پەیوەنـــدیان لەگـــەڵ دەرەوەی خۆیـــان دەپچرێ.

بـێ هـەواڵی ناوچـەكەو نـەمانی خـۆراك پەرێـشانیان دەكـات و دەسـتیان ناگاتـە هـیچ جێگایـەك، بـیر لـە زۆر رێگـا دەكەنـەوە بـۆ دابـــین كردنـــی پێویـــستیەكانیان و پەیوەنـدیكردن بەخەڵكـەوە، بـەڵام بۆیـان گـران دەبـێ، بۆیـە شـەهید ئـــاكۆ دێتـەوە یـادی كەلەگـەڵ پارتیزانـەكانی سـەرەتای ئەنفالـدا هەنـدێك ئازوقـەیان لەسـنورەكە شاردۆتەوە هـەوڵ بـدەن بیدۆزنـەوەو ئەگـەر بەكـەڵك مابـێ بـەكاری بێـنن، كەدەچـنە شوێنەكە سەیر دەكەن هەندێكی ماوە لەگەڵ ئەوەشـدا پـیس بـووەو مـشكی تیـا تۆپیـوە، ناچار بـوون بـەكاری بێنن و هـەر ئـەوەش فریایان دەكەوێت و چەند رۆژێكی پێ بەرێ دەكـەن تـاكو پەیوەنـدی دروست دەكەنـەوە.

ئامـانجی سـەرەکی و شـوێنی مانـەوەی ئـەم دەستەیە زیاتر ناوچەی شێخ بزێنی خواروو هەردەی شیوە سورو هـەردەی هـەنارە دەبـێ، کـــە ئـــەم ناوچـــەیە دەکەوێتـــە "٢٥" کیلۆمــەتری بــاکوری شــاری کەرکوکــەوەو سەربە ناحیەی شوانە.. ناوچەی شێخ بزێنی لـەکانی هـەنجیری بـرایم ئاغـاوە دەست پـێ دەکـات و بەکـەناری بـەری کـەرکوکی رێـی دوکاندا شۆردەبێتەوەو تا دەگاتە شارۆچکەی (پردێ) لەبەر ئەوەی ئاویژگەیەو دەم زێیـە، حەشارگەی باشی لێیەو لەسەرەوە تەفتەق و لەخواریـــشەوە پـــردێی لـــێ نزیکـــە. بەکەناریـــشەوە هـــەردەی شـــیوە ســـورو ماسقەلان و بناری خالخالأنەو بۆخواریـشەوە هەردەی (حەسەن قـەباغ)و هـەنارەو گێلینـە کە ئەم ناوچەیە سنورێکی فراوانـەو رێگای ئوتـــۆمبێلی بۆناچـــێت و لەســـەردەمی ئاوەدانیـشدا دوورە دەسـت و دابـراو بـوون. لایـەنێکی تـری هەڵبـژاردنی ئـەم سـنورە ئەوەیـە کەلێیـەوە دەکـرا پەیوەنـدی لەگـەڵ کـەرکوک و هـەولێریش بکرێـت چـونکە ناوەراســـتی ناوچـــەیەکەو زۆربـــەی پێـــشمەرگەکانی دەســـتەکەش خـــەڵکی سنورەکەبوون و شارەزابوون.

لــەو ئــاردە کرمــاوی و مــشکاویەی کەدەیدۆزنـەوە برێـك نـان سـاجی دەکـەن و لەگـەڵ خۆیـان هـەڵی دەگـرن و بەسـنوری چـــەمی شیوەســـووردا لـــەجادەی گـــشتی کەرکوك- تەفتەق دەپەرنەوە. بـەناو بەسـتی شیوەسور دەکەونە ناو گەلەجاشێکەوە بـەڵام چـونکە جاشـەکان دڵنیـادەبن لـەوەی جگـە لـــەخۆیان کەســـی تـــر لـــەوناوە نییـــە بەجەماعـەتی خۆیانیـان دەزانـن و توشـی کێشە نابن و بۆ رۆژی دوایی دەگەنە شـوێنی مەبەست. برسێتی تینیان بۆ دەبا بەڵام نان ساجیەکە ناخۆن و بـۆ رۆژی تەنگانـە هـەڵی دەگرن، شـەهید ئــاکۆ حەشـارگەیەکی تـری خواردەمـەنی سـەرەتای ئـەنفال شـك دەبـاو کەدەچـن هەنـدێك بـرنج و شـەکرو رۆنـی لێماوە هەرچەندە کۆن و بۆندار بووە، بـەڵام دەیخۆن تا دەرویەکیان لێ دەکرێتەوە. ئەمان لەچـــەند رۆژێـــك دوای بەرێکـــەوتنیان لەشوێنی دیاری کراو هەڤاڵ چەتـۆ دەبیـنن ئیتر لەوسنورەی کەرکوك لەدنیا دادەبـڕێن و پەیوەندیان بەکەسەوە نامێنێ بە پشت بەســـتن بـــەزانیاری رابـــردوی خۆیـــان و کارقـایمی شـەهید ئـاکۆ دەمێننـەوە بۆیـە بریاردەدەن چارەسەری خۆیان بکەن و بـەم دابڕاویـە نەمێننـەوە بۆیـە شـەهید ئـــاکۆو شەهید خاڵە بەختیار بەکەناری زێدا رووەو

دەورو بـــەری تەقتـــەق دەكەونـــە ڕێ و پارتیزانانە خۆیان دەكەن بەرەزەكەی ماڵی پـورە خونـچەی ئیلینجـاخ داو شـوێنەواری ئاوەدانی بەدی دەكەن، بۆیە لەحەشارگەیەك خۆیـان پـــەنا دەدەن تـاكو بـــەیانی پـورە خونـچەو مناڵـەكانی دێنـەوە نـاو باخەكـەو خۆیـــان لێ ئاشـــكرا دەكـــەن و ئـــەوانیش لەخۆشیان و لەترسان شاگەشكە دەبن.

پـورە خونـچەیان وەكـو پارتیزانـــەكان ناویان نابوو (دایە) خێزانی مام عەبدوڵڵای ئیلینجاخـەو بنەماڵەیـەكی چـاك و پـاك و دڵسۆزو كـوردو یـەكێتی دۆسـت و ماڵـە خـەزورانی شـەهید كوێخا بـچكۆل بـوون. ئـــــەوان پێـــــشمەرگەكانی ســـــنورەكەو پێـــشمەرگەكانیش ئـــەوانیان دەناســـی. ڕەزەكـەیان لەســەر زێ و بـەدووری چـەند كیلۆ مەترێك لەتەقتەقەوەو یەك كیلۆمـەتر لەجادەی گشتی كەركوك- تەقتەقەوە بوو.

بەشێك لـەو جوتیارانـەی نزیـك تەقتـەق بەمـەرجێك ڕێگە دەدران كەبـەیانیان بـچنە ســەر كێڵگـــەكانیان هەرچـیان دی و زانـی ئاگاداری ڕژێم بكەن و ئێواران بگەڕێنـەوە، مـاڵی دایـە خونـچەو حـاجی والـەی سمایـل بـەگی و كازمی مەرزیخە لـەو جۆرە ماڵانـە بوون كە بوون بەهۆی مانەوەی ژیـان و دەرو لێ كردنەوەی ئەم دەستە پێشمەرگەیە.

لـەرێگای دایـە خونـچەو مناڵەكانیانـەوە چـیان ویـستبا پێیـان دەگەیـشت و ئـەوانیش بـــەوریایی و نهێنـــی لەگـــەڵیان هـــەڵس و كـــەوتیان دەكـــرد. پـــاش ئـــەمانیش دایـــە خەجـــەی حـــاجی غـــەفوریش كەناســـراوە بـەحاجی والـە و خزمـی هـەڤاڵ فـەخرەدین سمایل بەگی بوون و بەهەمان شێوە دەهاتنە ســـەر ڕەز لـــەحاوی مەرزیخـــە، بـــەخۆی و بـــەكورو بووكـــەوە بوونـــە شـــەریك ژیـــانی پارتیزانـــــەكان و چـــی لـــەتوانایان بـــوو كەمتەرخـــەمیان نـــەكردو كـاك (كـازم) یـش كەخزمـی شـەهید خالـە بـەختیار بـوو وەكـو ئـــەوان باخـــەوان بـــوو هاوكـــاری باشـــیانی دەكردو پاترییەكی بۆ بـێ سیمەكەیان هێنـاو لەوێشەوە پەیوەندیان لەگەڵ سـەركردایەتی دروسـت كـردەوەو بەراوێـژو فرمـانی ئـەوان هەڵدەسوران.

## لەشابازەوە بۆ ئارام

دوای ئـــەوەی بەتـــەواوی جێگـــاو ڕێگـــای خۆیان كردەوەو پێویستیەكانیان دابین بوو، پـــاش دابڕانێكـــی زۆر لەســـەركردایەتی و ڕێكخـــستنەكانی نـــاو شـــارەوە بـــەهۆی بـــێ سیمەوە پەیوەندی كراو بارودۆخی ئەوسای سنورەكە بـەوردی درایـە سـەركردایەتی بـەم جۆرە:-

لــە/شاباز

بــۆ/ئارام

پاش سلاو

ئێمـە بەسـەلامەتی گەیـشتینە شـوێنی مەبەسـت. هـەموو باشـین شـوێنی خۆمـان دابین کـردووە. پەیوەنـدیمان لەگەڵ خـەڵك دروست کردوە. هیچ کەم و کوریمان نـی یـە. جەماوەری گەلەکەمان وەکو جاران دڵسۆزن و چاوی ئومێدیان لـە شۆڕشـەکەیانە. ڕژێـم لەسـەر سیاسـەتی تـەعریب و تـەرحیل بەردەوامە.

راوە دوونانی کورد لەناو شاری کەرکوك لەزیادبون دایە، ئەگەر بکرێت لـەرێگای کاك غەریبــەوە پەیوەنــدیمان لەگــەڵ هــەڤاڵ چـەتۆ بۆ دروست بکرێتەوە کەماوەیەکە لە ئێوەو ئەوانیش دابڕاوین... تەواو.

پـاش ماوەیـەك لەورێگایـەوە لەگـەڵ هـەڤاڵانی نـاو شـار بەیـەك گەیـشتەووە هـەر لـەرێگای ئەوانیـشەوە بـوو توانیـان درێـژە بەمانەوە بدەین.

ئەرك و ئامانجی ئەم دەستە پارتیزانە

١. چۆڵ نەبوونی ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری لەپێشمەرگە.

٢. پەیوەنــدیکردن بەخەڵکــەوەو بەرزکردنەوەی ورەیان و بـەدرۆ خستنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن.

٣. گەیانـدنی دەنـگ و باسی شـۆڕش و نـاردنی هـەواڵ و جموجـوڵی دوژمـن بـۆ سەرکردایەتی.

٤. ڕێکخستنی خـەڵك و ئامادەکردنیان بۆکاتی پێویست.

٥. شـارەزابوونی ڕێگـەو بانـەکان و مۆڵگەکانی دوژمـن و دەسـت نیـشان کردنـی خاڵی لاوازیان.

٦. خۆپاراسـتن و خـۆ دوورگـرتن لەشەڕی نابەرامبەر.

ئەمانەو کۆمـەڵێك ئامـانج و ئـەرکی تـر کەئەوسـا بـەهاوکاری خـەڵکانی دڵـسۆزو ڕێکخستنەکانی ناو شار کاریان بۆ دەکردو بۆ هەمان مەبەست جارێك شـەهید ئـاوات بـۆ کـەرکوك و شـەهید ئـاکۆش بـۆ هـەولێر چوون لەرێگای هەڤاڵانی شارەوە کارئاسانیان بۆ دەکرا.

لـە ١٩٩٠/١٠/٨ لەسەر بڕیاری بەرێز کاك نەوشـیروان داوایـان لێ کـرا دەسـتەکەیان بکشێنەوە پیرەمەگرون و لەوێشەوە لەسـەر کـارو پەیوەندییـەکانیان بـەردەوام بـن بۆیـە لـەو بـەروارەوە گەڕانـەوە پیرەمـەگرون و لەگـەڵ دەسـتەکەی شـەهید غـەریب و هاوڕێکانیـدا یـەکیان گرتـەوەو هـەڤاڵێکی شـارەزای ئـەو سـنورە بـەناوی (مـام شـێر)

لەگـەڵ ئـەم دەسـتەیە دانـراو لـەرێگای ڕێکخستن و خەڵکانی دڵسۆزی ناو ئۆردوگای پیرەمەگرونـەوە پێویـستیەکانیان دابـین دەکراو پەیوەنـدی بەخەڵکەوە دەکرا، تاکو راپـەرینی بـەهاری ١٩٩١ لەگـەڵ راپەریـندا تێکـەڵی جـەماوەرو هێزەکـانی پێـشمەرگە بوونەوەو بەشداری راپەرین و رزگارکردنی شارەکانی کوردستانیان کرد.

## ئەو خەڵك و ریکخستنانەی هاوکاری ئەم دەستەیەیان کردووە

بۆ مێژوو پێویسته رۆڵ و جێ دەستی ئەو خەڵکەو دڵسۆزانە لەبیر نەکرێت کەلەو رۆژە سـەختانەدا خـوێن وگیـانی خۆیـان دەخستە سەر لەپ و هاوکاری پێشمەرگەیان دەکـرد کـە بـچوکترین زانیـاری خوێنیـانی حەڵاڵ دەکرد. ئەمەش ناوی هەندێکیانە..

## ئەوانەی لەسنوری کەرکوک هاوکاربوون:

١. هەڤاڵ چەتۆ ساڵح سەعید.
٢. نـەوزاد کـەرکوکی بـەناوی نهێنـی (شێردڵ).
٣. دایـە خونـچەی ئیلینجـاخ و منالەکانی.
٤. دایـە خـەجێی حـاجی غـەفوری سمایل بەگی.
٥. ئـەنوەری حـاجی غـەفوری سمایـل بەگی.
٦. حەسـەنی حـاجی غـەفوری سمایـل بەگی.
٧. مەلەکی خێزانی ئـەنوەری حاجی غەفور.
٨. کازم عەباس مـەحمودی مەرزیخەی سەروو.
٩. رەمزی فلامەرزی چەمچەماڵ.
١٠. هەڤاڵ وەستا رەسوڵ.

## ئەوانەی لەسنوری ثیرەمەطرون هاوکاریان کردون:

١. مام رەسوڵ تەلانی
٢. مام رەسوڵ کرژەیی
٣. بەکر تەلانی
٤. شەوکەت سورداشی
٥. مام هێمن سێوکانی
٦. ئەنوەر شەریف
٧. کاك رەوف دوکانی